# GrowthSystem

# Complete User Catalogue

## کەتەلۆگی تەواوەتی GrowthSystem

**A practical book for owners, admins, staff and clients to understand how GrowthSystem works, what each page does, how Forms Builder is used, and which roles can do which actions.**

**ئەم کەتەلۆگە ڕێنیشاندەرێکی گونجاوە بۆ ئەدمین و ستاف و کڕیارەکان تا بزانن GrowthSystem چۆن کار دەکات، هەر پەڕەیەک چی دەکات، فۆڕم دروستکەر چۆن بەکار دەهێنرێت و ڕۆڵەکان ئەرکیان چی دەبێت.**

| | | |
|---|---|---|
| سەرنج خستنە سەر فۆڕم دروستکەر<br><br>بەشێکی تەواوەتیە کە ڕوونیدەکاتەوە چۆن پلان دابڕێژیت و چۆن فۆڕمەکان دروست بکەیت و تاقیان بکەیتەوە. | ڕێنیشاندەری بە دوو زمان<br><br>ڕوونکردنەوە بە هەردوو زمانی شیرینی کوردی و ئینگلیزی بەردەستن بۆ ئاسانکاری. | GrowthSystem<br><br>ئەم کەتەلۆگە بۆ ماڵپەڕ و بەرنامەکە بەکاردەهێندریت. |

**Prepared for GrowthNexus / GrowthSystem**

**Version: 2026 Catalogue**

CATALOGUE MAP

# Table of Contents

ناوەڕۆک:


| Section | Purpose |
| --- | --- |
| 01. System Overview | What GrowthSystem is and who it helps |
| 02. How It Works | The workflow from privacy acceptance to daily use |
| 03. Website Pages | Dashboard, Database, Forms Builder, Terminal, Suite and more |
| 04. Forms Builder | Detailed practical steps for building tables and workflows |
| 05. Field Types | What each field type does and where to use it |
| 06. Roles & Permissions | Which roles can do which things |
| 07. Data Entry Workflow | How staff submit, edit and request delete/update actions |
| 08. Reports & Printing | How print, PDF output and advanced reports fit together |
| 09. Onboarding | How the animated onboarding should guide new owners |
| 10. Plans & Deployment | Online, original hybrid, and plan capabilities |
| 11. Security & Privacy | Safe access, audit, Auth fields and approval flow |
| 12. Best Practice Checklist | How to launch correctly |

SECTION 01

# System Overview

## پوختەی سیستەم:

**ENGLISH**

GrowthSystem is a practical business software platform built for organizations, companies, markets and internal teams that need one clean place for data entry, inventory, staff visibility, issues, reports and printing.

The system is designed to reduce confusion. Instead of using many disconnected spreadsheets and chat messages, the organization can create structured forms, collect records, assign permissions and view work in one platform.

**کوردی:**

GrowthSystem پلاتفۆڕمێکی پراکتیکییە بۆ ئەو ڕێکخراو و کۆمپانیا و مارکێت و تیمی ناوخۆییانەیە کە پێویستیان بە شوێنێکی متمانەپێکراو هەیە بۆ داغڵکردنی داتا و کۆگا و ستاف و کێشەکانیان و ڕاپۆرت و چاپ.

سیستەمەکە بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی دروست کراوە. لە جیاتی spreadsheet و نامە، دەتوانێت فۆرمی ڕێکخراو دروست بکات، تۆمارەکان کۆبکاتەوە، مۆڵەت بدات و کارەکان لە یەک پالتفۆرمدا ببینێت.

# How GrowthSystem Works

## GrowthSystem چۆن کار دەکات؟

| ENGLISH | کوردی: |
| --- | --- |
| A new organization starts by accepting privacy terms, completing onboarding, creating or selecting starter templates, inviting staff, and then using Database, Terminal, Suite and Reports for daily work.<br><br>Owners and admins control structure. Staff enter data. Data Entry Assistant can submit work safely while sensitive edits and deletes go through request approval. This keeps the system useful without losing control.<br><br>GrowthSystem can work as a website subscription and as an original hybrid desktop app that syncs with the hosted system. | ڕێکخراوێکی نوێ سەرەتا بە قبووڵکردنی مەرجەکانی پاراستنی نهێنی دەست پێدەکات، پاشان ڕێکارەکانی ناساندن تەواو دەکات و قاڵبەکانی سەرەتا دروست دەکات یان هەڵیانبژێرێت، دواتریش بانگهێشتی کارمەندان دەکات و بۆ ئیشوکاری ڕۆژانەیان بنکەی زانیاری و تێرمیناڵ و ڕاپۆرتەکان بەکاردەهێنن.<br><br>خاوەنەکان و سەرپەرشتیارەکان کۆنترۆڵی سیستەمەکە دەکەن، کارمەندەکانیش زانیارییەکان تۆماردەکەن؛ هاوکاری تۆمارکردنی زانیاریش دەتوانێت بە سەلامەتی کارەکەی بنێرێت، بەڵام دەستکاری و سڕینەوەی هەستیار پێویستی بە ڕەزامەندی هەیە تا کۆنترۆڵی سیستەمەکە لەدەست نەچێت.<br><br>GrowthSystem دەتوانێت وەک وێبسایتی مانگانە و هەروەها وەک ئەپی Hybrid کار بکات کە لەگەڵ سیستەمی hosted sync دەبێت. |

| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| Accept Privacy | Owner Onboarding | Create Forms | Add Records | Approve Requests | Print / Report | Improve Workflow |

# Main Website Pages

## پەڕە سەرەکییەکانی ماڵپەڕەکە:

ENGLISH:

Each page has a different job. The Dashboard gives the owner a starting point. Database is the main data workspace. Forms Builder designs the structure. Terminal is for fast operational work. Suite and Reports turn records into decisions.

Good onboarding should explain these pages visually so a new owner can start without calling support for every button.

کوردی:

هەر لاپەڕەیەک کارێکی تایبەتی هەیە، داشبۆرد دەستپێکێکە بۆ خاوەنکارەکە، بنکەی زانیاری("داتابەیس") شوێنی سەرەکی کارەکانە، فۆرم دروستکەر پێکهاتەکە دادەڕێژێت، تێرمینالٚ بۆ ڕاپەڕاندنی خێرای ئیشوکارەکانە، و سویت و ڕاپۆرتەکانیش تۆمارەکان دەکەن بە بڕیار.

ناساندنێکی باش دەبێت ئەم لاپەڕانە بە شێوەیەکی بینراو ڕوون بکاتەوە، داواکار بتوانێت بێ پەیوەندیکردن بە پشتیوانییەوە دەست بەکاربێت.

| Page | Purpose | پەڕە | ئامانج |
|---|---|---|---|
| Dashboard | Overview of organization activity, quick statistics, onboarding, and owner-level summaries. | داشبۆرد | ئەم بەشە پوختەیەک لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە و ئامارە خێراکان و هەنگاوەکانی ناساندن و ڕاپۆرتە سەرەکییەکان بۆ خاوەنکارەکە نیشان دەدات. |
| Database | Daily records, tables, filters, search, data entry, edit/delete requests and record history. | داتابەیس | تۆماری ڕۆژانە، خشتەکان، search، filter، داغڵکردنی داتا و داواکاری گۆڕانکاری و سڕینەوەی داتاکان. |
| Forms Builder | The core builder for custom tables, fields, relations, validation and workflow design. | دروستکەری فۆرم | ئەم بەشە بنچینەی دروستکردنی خشتە تایبەتەکان و خانەکان و پەیوەندی نێوان زانیارییەکانە، وە ڕێکخستنی شێوازی کارکردنە. |
| Terminal | Fast operational entry for sales, products, cashier-like workflows and stock movement. | تێرمینالٚ | داغڵکردنی خێرا بۆ فرۆشتن و کاڵا و بابەتەکانی کۆگا. ("cashier") |
| Suite | Charts, analysis, KPI reviews and business insight screens. | سوت | ئەم بەشە نەخشەی هێڵکارییەکان و شیکارییە وردەکان، پێوەرەکانی سەرکەوتنی کارەکە، و زانیارییە گرنگەکان بۆ بڕیاردان نیشان دەدات. |
| Print & Reports | Custom print pages, selected records, PDF-style outputs and advanced reports. | چاپ و ڕاپۆرت | ئەم بەشە لاپەڕە تایبەتەکانی چاپکردن، زانیارییە هەڵبژێردراوەکان، دەرئەنجامەکان بە شێوازی PDF، و ڕاپۆرتە پێشکەوتووەکان لەخۆدەگرێت. |
| Staff & Roles | Create staff accounts, assign roles, control access and review staff activity. | ستاف و ڕۆڵ | دروستکردنی هەژماری ستاف، دانانی ڕۆڵ، کۆنترۆڵکردن و پێداچوونەوەی چالاکییەکانی ستاف. |

# Forms Builder - Complete Workflow

## فۆڕم دروستکەر - ڕێکاری تەواو:

ENGLISH

Forms Builder is the most important page because it defines how the organization stores data. A good form becomes a clean table, a safe workflow, a printable report, and a source for analysis.

Before creating fields, decide what business problem the form solves. For example: inventory expiry, staff shifts, customer follow-up, issue tracking, sales orders, supplier records or monthly KPI review.

Build slowly, test with sample records, and only then invite staff to use it.

کوردی

فۆڕم دروستکەر گرنگترین لاپەڕەیە چونکە شێوازی پاشەکەوتکردنی زانیارییەکانی ڕێکخراوەکە دیاری دەکات، بە جۆرێک فۆڕمێکی باش دەبێتە خشتەیەکی ڕێکوپێک، ڕەوتی کارێکی سەلامەت، ڕاپۆرتێک شایەنی چاپکردن بێت و سەرچاوەیەک بۆ شیکارکردنی کارەکانت.

پێش دروستکردنی خانەکان، دەبێت دیاری بکەیت کە ئەم فۆڕمە چ کێشەیەکی کارەکەت چارەسەر دەکات؛ بۆ نموونە: بەسەرچوونی کەلوپەلەکان، نۆرەی کارمەندان، بەدواداچوونی کڕیاران، چاودێریکردنی کێشەکان، داواکارییەکانی فرۆشتن، تۆماری دابینکەران یان پێداچوونەوەی مانگانەی کارەکان.

سەرەتا بە هێواشی فۆڕمەکە دروست بکە و چەند زانیارییەکی تاقیکاری تاقی بکەرەوە، ئینجا دوای ئەوە کارمەندەکانت بانگهێشت بکە بۆ بەکارهێنانی.

## Form Builder هەنگاوەکانی / Forms Builder Steps

| | | |
|---|---|---|
| 1 | **Plan the table**<br>Write the purpose of the form, who will use it, and which decisions it should support. | **پلانی خشتەکە دابنێ**<br>ئامانجی کاری فۆرمەکە، بەکارهێنەرەکان و بڕیارەکانی دەستنیشان بکە. |
| 2 | **Create a form**<br>Open Form Builder, create a table name, then add clean fields with clear labels. | **فۆرمەکە دروست بکە**<br>فۆرم دروستکەر بکەرەوە، ناوێک لە خشتەکە بنێ ، پاشان خانەکان بە ناوی ڕوون زیاد بکە. |
| 3 | **Choose field types**<br>Use text, number, date, money, image, relation, options, boolean, auth, QR and other fields correctly. | **جۆری خانە هەڵبژێرە**<br>نوسین، ژمارە، بەروار، پارە، وێنە، پەیوەندی، هەڵبژاردنەکان، بەڵێ/نەخێر، ناسنامە، کۆدی خێرا و خانەکانی تر بە دروستی بەکاربهێنە. |
| 4 | **Add rules**<br>Mark required fields, unique values, validation, read-only fields, conditional logic and option rules. | **ڕێساکان زیاد بکە**<br>نیشانەکردنی خانە داواکراوەکان، نرخە بێهاوتاکان، پشتڕاستکردنەوە، خانە تەنها بۆ خوێندنەوەکان، لۆژیکی مەرجدار و یاساکانی هەڵبژاردن دیاری بکە. |
| 5 | **Connect tables**<br>Use relation fields to link products, clients, orders, tasks, shifts and reports. | **خشتەکان ببەستەوە**<br>Relation بەکاربهێنە بۆ بەستنەوەی کاڵا، کڕیار، فرۆشتن، کار، شەفتەکان و ڕاپۆرت. |
| 6 | **Test with sample data**<br>Add a few records, check table layout, filters, printing and role permissions before inviting staff. | **بە داتای نموونە تاقی بکەرەوە**<br>چەند تۆمارێک زیاد بکە، پێکهاتەی خشتەکە، فلتەرەکان، چاپکردن و دەسەڵاتی ڕۆڵی کارمەندەکان تاقی بکەرەوە پێش ئەوەی کارمەندان بانگهێشت بکەیت. |
| 7 | **Train the team**<br>Use onboarding and this catalogue so staff understand exactly where to click and what each page does. | **ستافەکەت فێر بکە**<br>ڕێبەر و ڕێکاری ناساندنی کارەکە بەکاربهێنە تا کارمەندان بە تەواوی بزانن لە کوێ کلیک دەکەن و هەر لاپەڕەیەک چی دەکات. |

# Forms Builder Field Types

## جۆری خانەکان لە Form Builder

| ENGLISH | کوردی |
| --- | --- |
| Choosing the correct field type makes the system easier for staff and safer for owners. For example, use Money for prices, Date for expiry, Relation for connected records, Auth for who entered the record and Image fields for proof or product photos.<br><br>Do not create every field as plain text. Structured field types improve filters, print layout, reports and future automation. | هەڵبژاردنی جۆری دروستی خانەکان کارەکە بۆ کارمەندان ئاسانتر دەکات و بۆ خاوەنکارەکانیش سەلامەتتر دەبێت؛ بۆ نموونە پارە بۆ نرخەکان، بەروار بۆ بەسەرچوون، پەیوەندی بۆ تۆمارە بەستراوەکان، ناسنامە بۆ دیاریکردنی تۆمارکارەکە، و وێنەش بۆ بەڵگە یان وێنەی کاڵاکان بەکاربهێنە.<br><br>هەموو خانەیەک مەکە بە دەقی ئاسایی، چونکە خانە ڕێکخراوەکان فلتەرکردن، شێوازی چاپ، ڕاپۆرتەکان و کارکردنی خۆکاری داهاتوو باشتر دەکەن. |

| Field type | Use | جۆری خانە | بەکارهێنان |
| --- | --- | --- | --- |
| Text | Names, notes, product titles, customer details | دەق | ناو، تێبینی، ناوی کاڵا، وردەکاری کریار |
| Number / Money | Quantities, prices, stock, totals, KPIs | ژمارە / پارە | بڕ، نرخ، کۆگا، کۆی گشتی، KPI |
| Date | Expiry, delivery, shift dates, follow-up dates | بەروار | بەسەرچوون، گەیاندن، شەفت، بەدواداچوون |
| Email | Customer or supplier email records | ئیمەیڵ | ئیمەیڵی کریار یان دابینکەر |
| Image / Images | Product photos, receipts, proof, documents | وێنە | وێنەی کاڵا، پسوڵە، بەڵگە، دۆکیومێنت |
| Relation | Connect products to orders, clients to tasks, staff to shifts | پەیوەندی | بەستنەوەی کاڵا بە فرۆشتن، کریار بە کار، ستاف بە شفت |
| Options | Statuses, categories, priorities, stages | هەڵبژاردن | دۆخ، جۆر، گرنگی، قۆناغ |
| Boolean | Yes/no checks, approval flags | بەڵێ/نەخێر | پشکنین و ئاڵای پەسەندکردن |
| Auth | Automatically stores who entered the data | Auth | بە شێوەی ئۆتۆماتیکی نیشان دەدات کێ داتاکەی داخل کردووە |
| QR | Track items, labels, IDs and operational scanning | QR | بەدواداچوونی کاڵا، لیبل، ناسنامە و سکانکردن |

# Roles and Permissions

## ڕۆڵەکان و مۆڵەتەکان

ENGLISH

Roles keep the platform safe. Owners and admins can design the system. Staff can work inside the structure. Data Entry Assistant is designed for safe entry and controlled edit/delete requests.

Custom roles can be created for special organizations, branches or workflow needs. The goal is simple: users should see only what helps them do their job.

کوردی

دەسەڵاتی ڕۆڵەکان سیستەمەکە دەپارێزێت؛ خاوەنەکان و سەرپەرشتیارەکان دەتوانن نەخشەی سیستەمەکە دابنێن، کارمەندەکانیش لەناو ئەو پێکهاتەیەدا کار دەکەن، هاوکاری تۆمارکردنی زانیاریش بۆ داغڵکردنی سەلامەت و داواکاری کۆنترۆڵکراوی دەستکاری و سڕینەوە دانراوە.

دەکرێت ڕۆڵی تایبەت بۆ ڕێکخراوە جیاوازەکان، لقەکان یان پێداویستییەکانی شێوازی کارکردن دروست بکرێت، ئامانجەکەش سادەیە: بەکارهێنەران تەنها ئەو شتانە ببینن کە یارمەتییان دەدات کارەکەیان ڕاپەڕێنن.

| Role | What it can do | ڕۆڵ | دەسەڵات |
|---|---|---|---|
| Owner | Full system control, organization settings, staff, billing, forms, database, reports, print, recycle bin, export, approvals. | خاوەن | کۆنترۆڵی تەواوی سیستەمەکە، ڕێکخستنی ڕێکخراو، کارمەندان، پارەدان، فۆرمەکان، بنکەی زانیاری، ڕاپۆرتەکان، چاپ، سەبەتەی خاشاک، هەناردەکردنی زانیاری، و ڕەزامەندییەکان لەخۆدەگرێت. |
| Admin | Strong management access depending on organization policy. Can manage daily operation, staff-level tasks, data and reports. | ئەدمین | دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردنی بەهێزە بەپێی سیاسەتی ڕێکخراوەکە، کە دەتوانێت چاودێری کارەکانی ڕۆژانە، ئەرکی کارمەندان، زانیارییەکان و ڕاپۆرتەکان بکات. |
| Editor / Editor Plus | Can work with data, reports, edits, and operational records depending on permission setup. | دەستکاریکەر | دەتوانێت کار لەسەر زانیاری، ڕاپۆرت، دەستکاری، و تۆمارەکانی کارکردن بکات بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆی دیاریکراوە. |
| Data Entry Assistant | Can add records and request edits/deletes instead of changing protected records directly. Best for safe staff entry. | یاریدەدەری داخڵکردنی داتا | دەتوانێت تۆماری نوێ زیاد بکات و داوای دەستکاری یان سڕینەوە بکات لەبری گۆڕینی ڕاستەوخۆی تۆمارە پارێزراوەکان؛ ئەمەش باشترین ڕێگایە بۆ داغڵکردنی سەلامەت لەلایەن کارمەندانەوە. |
| Viewer | Read-only access to allowed pages and records. Best for supervisors or review-only staff. | بینەر | دەسەڵاتی تەنها خوێندنەوەی بۆ ئەو لاپەڕە و تۆمارانە هەیە کە ڕێگەی پێدراوە؛ ئەمەش باشترینە بۆ سەرپەرشتیاران یان ئەو کارمەندانەی تەنها پێداچوونەوە دەکەن. |
| Custom roles | A custom role can be configured around the organization workflow, such as branch manager, cashier supervisor, or analyst. | ڕۆڵی تایبەت | دەکرێت ڕۆڵێکی تایبەت بەپێی شێوازی کارکردنی ڕێکخراوەکە ڕێکبخرێت، وەک بەڕێوەبەری لق، سەرپەرشتیاری سندووق، یان شیکەرەوەی زانیاری. |

# Data Entry, Requests and Approval

## داخڵکردنی داتا و پەسەندکردن

ENGLISH

Daily work usually starts in Database or Terminal. Staff add records, attach images, choose statuses, and submit work. When a staff role is restricted, the system can require requests for edits or deletes.

This is important because the organization gets speed and control together: staff are not blocked from work, but sensitive changes are reviewed by the owner or admin.

Best practice: use Auth columns on staff-created tables so every record shows who entered it, then use approval requests for protected changes.

کوردی

ئیشوکاری ڕۆژانە زۆربەی کات لە بنکەی زانیاری یان تێرمیناڵەوە دەست پێدەکات؛ کارمەندان تۆمارەکان زیاد دەکەن، وێنەکان هاوپێچ دەکەن، دۆخی کارەکان دیاری دەکەن و ئیشەکەیان دەنێرن، کاتێکیش دەسەڵاتی کارمەندێک سنووردار بێت، سیستەمەکە داوای ڕەزامەندی دەکات بۆ دەستکاری یان سڕینەوە.

ئەمە زۆر گرنگە چونکە ڕێکخراوەکە لە یەک کاتدا خێرایی و کۆنترۆڵی دەستدەکەوێت؛ کارمەندان ڕێگرییان لێ ناکرێت لە کارکردن، بەڵام گۆڕانکارییە هەستیارەکان لەلایەن خاوەنکار یان سەرپەرشتیارەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت.

باشترین ڕێگا: خانەی ناسنامە لەو خشتانەدا بەکاربهێنە کە کارمەندان دروستی دەکەن تا هەموو تۆمارێک پیشانی بدات کێ داغڵی کردووە، پاشان داواکاری ڕەزامەندی بۆ گۆڕانکارییە پارێزراوەکان بەکاربهێنە.

# Reports, Printing and PDF Outputs

## ڕاپۆرت، چاپ و دەرچوونی PDF

ENGLISH

**Printing is not just a button. It is part of the organization workflow. GrowthSystem can prepare selected records, clean paper layouts, image previews, advanced reports and decision-ready summaries.**

**Owners should prepare print templates for common work such as invoices, delivery notes, inventory checks, issue reports, shift sheets and monthly summaries.**

کوردی

**چاپکردن تەنها دوگمەیەک نییە، بەڵکو بەشێکە لە ڕەوتی کارکردنی ڕێکخراوەکە؛ سیستەمی گەشەپێدان دەتوانێت تۆمارە هەڵبژێردراوەکان، نەخشەی ڕێکی سەر کاغەز، پێشبینی وێنەکان، ڕاپۆرتە پێشکەوتووەکان و پوختەی ئامادە بۆ بڕیاردان ڕێکبخات.**

**پێویستە خاوەنکارەکان قاڵبی چاپکردن بۆ کارە باوەکان ئامادە بکەن، وەک پسوولەکان، پسوولەی گەیاندن، پشکنینی کۆگا، ڕاپۆرتی کێشەکان، خشتەی نۆرەی کارمەندان و پوختەی مانگانە.**

# Animated Onboarding Guide

## ڕێنمایی ئۆنبۆردینگی جوڵاو

ENGLISH

After privacy is accepted, the owner should see onboarding. The improved onboarding should use visual steps, an animated cursor, and clear explanations for each main page: Dashboard, Database, Forms Builder, Terminal, Suite, Print and Staff Roles.

The onboarding should also show a catalogue button so users can open this PDF and read a complete explanation of the system and plans.

کوردی

پاش قبووڵکردنی مەرجەکانی پاراستنی نهێنی، پێویستە خاوەنکارەکە ڕێکاری ناساندنەکە ببینێت، بە جۆرێک کە ئەم ڕێکارە پەرەپێدراوە هەنگاوەکانی بە شێوەی بینراو، نیشاندەری جوڵاو و ڕوونکردنەوەی تەواو بۆ هەر یەک لە لاپەڕە سەرەکۆکان لەخۆبگرێت: داشبۆرد، بنکەی زانیاری، فۆڕم دروستکەر، تێرمیناڵ، سویت، چاپ و دەسەڵاتی ڕۆڵی کارمەندان.

هەروەها دەبێت لەم قۆناغی ناساندنەدا دوگمەی کەتەلۆگ نیشان بدرێت بۆ ئەوەی بەکارهێنەران بتوانن ئەم فایلە PDFـە بکەنەوە و ڕوونکردنەوەی تەواو لەسەر سیستەمەکە و پلانەکان بخوێننەوە.

| **Show** | **Explain** | **Guide** |
|---|---|---|
| Animated cursor points to the main action areas. | Each step tells what the page does and when to use it. | Catalogue PDF gives full information after onboarding. |

# Plans and Deployment

## پلان و شێوازی بەکارهێنان

ENGLISH

GrowthSystem can be used through the hosted website subscription and through the original hybrid desktop app that syncs to the server. The clean brandless desktop app is a different staff-focused experience and is not the target of this catalogue.

Plan selection should be based on organization size, reporting needs, number of branches, permissions, automation and support level.

کوردی

growthsystem دەکرێت لە ڕێگەی بەشداریکردنی ماڵپەڕەکەوە بەکاربهێنرێت، یان لە ڕێگەی بەرنامەی کۆمپیوتەری بنەڕەتییەوە کە لەگەڵ سێرڤەرەکەدا هاوکات دەبێت؛ ئەم بەرنامەی کۆمپیوتەرە سادەیە ئەزموونێکی جیاوازە و تایبەتە بە کارمەندان، بۆیە ئەم کەتەلۆگە باسی ئەو ناکات.

هەڵبژاردنی پلانەکە دەبێت بەپێی قەبارەی ڕێکخراوەکە، پێداویستییەکانی ڕاپۆرت، ژمارەی لقەکان، دەسەڵاتەکان، کارکردنی خۆکار و ئاستی پشتیوانی بێت.

| Plan | Best for | بۆ چی باشە؟ |
| --- | --- | --- |
| Budget | Starter online access for small teams that need organized records and daily work visibility. | بۆ تیمی بچووک کە پێویستیان بە ڕێکخستنی داتا و بینینی کاری ڕۆژانە هەیە. |
| Premium | Adds stronger control, role permissions, better reports, backups, alerts and print layouts. | کۆنترۆڵی بەهێزتر، دەسەڵاتی ڕۆڵەکان، ڕاپۆرتی باشتر، کۆپی یەدەگ، ئاگادارکردنەوەکان و شێوازەکانی چاپکردن زیاد دەکات. |
| Ultra | Designed for multi-branch work, automation, deeper reporting, and operational oversight. | بۆ کارکردنی فرە لق، خۆکارکردنی کارەکان، ڕاپۆرتی قووڵتر و چاودێریکردنی کارگێڕی دیزاین کراوە |
| Enterprise | Advanced governance, white-label options, policy controls, dedicated workflow and support. | حوکمرانی پێشکەوتوو، بژاردەی براندی تایبەت، کۆنترۆڵکردنی سیاسەتەکان، شێوازی کاری تایبەت و پشتیوانی بەردەوام دابین دەکات. |
| Custom | Designed together with GrowthNexus for special business workflows or private deployment needs. | لەگەڵ GrowthNexus بۆ workflow ی تایبەت یان deployment ی تایبەت دیزاین دەکرێت. |

SECTION 11

# Security, Privacy and Trust

## سەلامەتی، تایبەتمەندی و متمانە

| ENGLISH | کوردی |
| --- | --- |
| GrowthSystem should be used with clear staff accounts, role permissions, Auth columns, approval workflows and regular backups. Owners should not share one account with many staff members.<br><br>Privacy consent explains how the system is used. After consent, onboarding helps the owner set up the workspace correctly before inviting the team. | GrowthSystem لە ڕێگەی هەژماری ڕوونی کارمەندان، دەسەڵاتی ڕۆڵەکان، خانەکانی ناسنامە، ڕەوتی کارکردنی ڕەزامەندی و کۆپی یەدەگی بەردەوام بەکاربهێنرێت، و نابێت خاوەنکارەکان یەک هەژمار لەگەڵ چەند کارمەندێکدا هاوبەش بکەن.<br>قبووڵکردنی مەرجەکانی پاراستنی نهێنی چۆنیەتی بەکارهێنانی سیستەمەکە ڕوون دەکاتەوە، و پاش ڕەزامەندی، ڕێکاری ناساندنەکە یارمەتی خاوەنکار دەدات شوێنی کارەکەی بە دروستی ڕێکبخات پێش ئەوەی تیمی کارەکەی بانگهێشت بکات. |

FINAL CHECKLIST

# Launch Checklist

## لیستی پشکنینی دەستپێکردن

| | | |
|---|---|---|
| 1 | **Accept privacy and finish onboarding**<br>Do this before creating real staff workflows. | مەرجەکانی پاراستنی نهێنی قبووڵ بکە و ڕێکاری ناساندنەکە تەواو بکە پێش ئەوەی ڕەوتی کارکردنی ڕاستەقینەی کارمەندان دروست بکەیت. |
| 2 | **Create forms carefully**<br>Start with the minimum needed fields, then improve after testing. | فۆڕمەکان بە وریایی دروست بکە و لە کەمترین خانەی پێویستەوە دەست پێبکە، پاشان دوای تاقیکردنەوە پەرەیان پێبدە. |
| 3 | **Use Auth columns**<br>Every operational table should know who entered the record. | خانەکانی ناسنامە بەکاربهێنە تا لە هەموو خشتەیەکی کارگێڕیدا بزانرێت کێ تۆمارەکەی داخڵ کردووە. |
| 4 | **Create staff roles**<br>Give each user only the access they need. | ڕۆڵی کارمەندان دروست بکە و بەپێی پێداویستییەکەیان تەنها ئەو دەسەڵاتەیان پێبدە کە بۆ کارەکەیان پێویستە. |
| 5 | **Test print and reports**<br>Check output before using it with customers or management. | پێش بەکارهێنانی لەگەڵ کڕیاران یان بەڕێوەبەرایەتیدا، چاپکردن و ڕاپۆرتەکان تاقی بکەرەوە و دەرئەنجامەکانیان بپشکنە. |
| 6 | **Review requests daily**<br>Approve or reject edit/delete requests so staff work stays clean. | ڕۆژانە پێداچوونەوە بۆ داواکارییەکان بکە و داواکاری گۆڕین یان سڕینەوەکان پەسەند یان ڕەت بکەرەوە تا کارەکەیان بە ڕێکی بمێنێتەوە. |
| 7 | **Train with this catalogue**<br>Use this PDF as a simple internal guide. | ئەم PDF ە وەک ڕێنمایی ناوخۆ بەکاربهێنە. |

**GrowthSystem principle: simple enough for daily staff use, strong enough for owner-level control.**

END OF CATALOGUE

# Build the workflow once.
# Use it every day.

## ڕەوتی کارەکە یەکجار بنیاد بنێ و هەموو ڕۆژێک بەکاری بهێنە.

**GrowthSystem is strongest when the organization designs clean forms, gives correct roles, and trains staff with a simple process.**

**GrowthSystem لە بەهێزترین ئاستیدا دەبێت کاتێک ڕێکخراوەکە فۆڕمی ڕێک و پێک دیزاین دەکات، ڕۆڵی دروست بە کارمەندان دەدات، و بە پرۆسەیەکی سادە ڕاهێنانیان پێ دەکات.**

## GrowthNexus

**Original GrowthSystem Website and Hybrid Catalogue**